**ئەنجومەنی دادوەری**

**ژمارە: ٥٩ لە ٢٠٢٤/١/١٦**

## بڕیار

ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان لە ڕێکەوتی (٢٠٢٤/١/١٥) بەسترا بە شێوەی (ئۆنلاین ) بە مەبەستی پێکهێنانی دادگای تاوانەکانی دووەمی کەرکوک /گەرمیان کە پێشنیار کراوە لە لایەن سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی کەرکوک /گەرمیان بە نووسراویان ژمارە (٨٩لە ٢٠٢٤/١/١٥) دوای دیراسەتکردنی بابەتەکە وە پشت بە حوکمی مادده (١٩/دووەم) لە یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ ،بە کۆی دەنگ بڕیاردرا بە :

- پێکهێنانی دادگای تاوانەکانی دووەمی کەرکوک/گەرمیان وە دەسەڵات درا بە (سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی کەرکوک /گەرمیان) بە دیاری کردنی تایبەتمەندی جۆری (الاختصاص النوعی) ئەم دادگایە .
- ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبە جێ دەکرێت وە لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**دادوەر**

**عبدالجبار عزیزحسن**

**سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری**

---

**وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان**

**ژمارە: ٦١ لە ٢٠٢٤/١/١٧**

## بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٤

ئاماژە بە نوسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران / سەرۆکایەتی دیوان ژمارە (٥١١٧) لە ٢٠٢٣/١١/١٢ بڕیارماندا بە:

- هە ڵوەشاندنەوەی ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٣ تایبەت بەکاری میدیایی لە هەرێمی کوردستان ، کە لە ژمارە (٣٠٥)ی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٥/٢٢ بڵاوکراوەتەوە .
- کار بە ڕێنمایی پێشوومان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٤ (ڕێنمایی ڕێکخستنی فریکوینسی سپەیس لە هەرێمی کوردستان ) بکرێت .
- ئەم بەیانە لە ڕۆژی ٢٠٢٤/١/٢ جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**حەمەی حەمە سەعید**

**وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان**